وەڵامێک بۆ سەروتاری کوردستانپۆست سەبارەت بەمام جەلال

کوردستانپۆست، مەست ئەو سایتەیە کە لە توێکڵی نوێخوازی و دەسەڵاتی چوارەم و وەک ئۆپۆزیسۆن دەیەوێ کورد بە ڕێگای ئەوانە دا بەرێ کە دەروێشی کۆنە ئەوروپان و تازە بە تازە فەلسەفەکانی سوقرات و کۆنە ڕۆمانەکانی ئەوروپایان خوێندۆتەوە و بە سەرەنووسێکی شتە سۆزداریەکان ئەیانەوێ ڕێگای یەکێتی و کورد بە فەنتەزیا و گۆشەگیری پشان بدەن و خۆیان کردۆتە سیاستمەدار و مێژوو نووس بە هەموو شێوازێک ئەو شتا جوانانەی کە فریان بە سیاسەتەوە نیە پسیان کردون.

سەرەتا کوردسانپۆست دەروازیەک و دەرگایەک بوو بۆ کۆمەڵێ کەسانی ڕەخنەگر و خەم خۆر. ئەگەر چی کەسانی گێرەشێوێنی وەک ئێستای تیابوو، بەڵام کە دەستەی نووسەران دروست بوو، پاشان کاک تاهیر دەستی لەکار کێشایەوە، زانیم کاک جەمال موختاریش بەخۆی و سایتەکەیەوە دەستی بەسەر گیراوە و بۆتە بەندەی ئەوانەی تازە بە جیهانی نووسین دەڵێن گەیشتینە کۆتایی! و بوونەتە تەزیلێک و چەند کۆپڵە پەند هەیە تەنزیلی دەکەن و بە خوێنەرانی دەفرۆشن نەک بگەێنن. ئیتر کوردستانپۆست بۆتە مەیدانی غار غارانێ بە دوای لێدانی کەسانی خەباتگێڕو شۆڕشگێر. من کە زانیم کوردستانپۆست بۆتە بەندەی ئەو دەروێشانە و تازە مەیی سوقرات دەخۆنەوە ئیتر نووسینم بۆی نە نارد و چەند جار ویستوومە بەڵام ئەو سەروتارانەم دەبینی سوێم بۆ کوردستانپۆست دەبۆوە و وەک ئەوە دەهاتە پێش چاوم کەسێک سی ساڵ لە ئەشکەوتێکا ژیابێ و دواتر بیبەیت بۆ نیۆڕوک، پاشان بێ شتەکانت بۆ بگێڕێتەوە و کوردسانپۆستیش بیکات بە سەروتار.

بەڵام ئەوەی زیاتر هانی دام ئەم کورتە ڕوونکردنەوەیە نەک وەڵام بنووسم، سایتەکەتان وەک سەروتار و بێ لێپرسراوانە و بە مەبەستی چڵکن و ناخێکی ترسنۆک و دەرون پیسەوە، کە ئەمەش ئەڵێم چونکە بە جنوێ و هەڕەشە و دڵێکی پڕ لە قینێکی ترسنۆکەوە، جنێو بۆ هەڤاڵی سەرکردەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانمان بەڕێز مام جەلال دەنووسێ بێگومان ئێمە دڵمان فراوانە و خۆمان ناخەینە ئاستێکی وا نزم.

بەڕێز مام جەلال نە پێویستەتی کە من وەڵامی ئێوە بدەمەوە نە ئێوەش شایەنی ئەوان وەڵامتان بدرێتەوە چونکە نەک لە کوردستان لە هەموو جیهانە ئەو شۆڕشگێرە مەزنەی ڕابەری کورد دەناسن. هەموو ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مام جەلال بە ڕابەری خۆی ئەزانێ و شانازیش بەوە دەکەین کە کەسێکی وەکو مام جەلال سەرکردە و ڕابەرمانە. خودی کاک نەوشێروان دەڵێ کەسی دووەم و سێیەم نیە لە نێو یەکێتیی چونکە ئەو دەزانێ کەسێک نیە کە لە دوای مام جەلال بێ لە زیرەکی و لێهاتوویە. هەمیشە هەموو ئەندامانی مەکتەب سیاسی مام جەلال بە تاکە کەس دادەنێن و هاوتایی نیە لە لێهاتووی و کەسێکی ڕابەر و سەرکردەیە. ئەگەر خودی مام جەلالیش داوا بکا وازبێنێ، یەکێتیی ڕازی نابێ و هەموو کات مام جەلال بە سەروەر و سەرکردەی خۆیی دەزانێ و هەرگیز ئەو سیمبولە لەدەست نادا و نیشانەی کوردایەتیمانە، ئێمە سەربەزی بەوە دەکەین کە مام جەلال ڕابەرمان بێ.

ئەگەر کوردستانپۆست دەنووسێ ئەوانەی ئێستا مام جەلالیان بێ قبولە هەموویان (...) باشە بەڕێزانی کوردستانپۆست من بە بەڕێز بانگتان دەکەم چونکە ڕێبازی مام جەلال فێرە ڕێزمانی کردوە، کێ هەیە لە نێو یەکێتی مام جەلالی پێ قبوول نەبێ؟ مەگەر دەروێشانی وەک ئێوە خۆتان بە ئەندامی یەکێتیی

دابنێن و شتێک بکەنە بەرنامەی یەکێتیی کە ئەوروپای تووشی دوو جەنگی جیهانی کرد و ئێستاش باجەکەی دەدا.

مام جەلال سوپاسی ئەو کاسانە دەکا کە ڕەخنەو پێشنیاریان هەیە لە نێو یەکێتی و بە دەم داوایانەوە دەچێ هەروەک لەگەڵ مەکتەب سیاسی چەندین پرۆژەی چاکسازی خستۆتە کاری ئێستا و داهاتووی یەکێتیەوە بەڵام ڕازیش نابێ وەکو سەرکردە خەڵکان لە نێو یەکێتی دەستەگەری و ناوچەگەری بکەن. وەک لەسایتەکەتانە ناوچەگەریتان دەرکرد و گەمەتان بەزاراوەی دیالێتی هەولێر دەکرد، ئەم کەسانە هەرگیز لە نێو پارتێکی پێشکەوتوو خوازی وەکو یەکێتی شوێنی نابێتەوە. نازانم کێن ئەوانەی ئێوە بە کوودەتایی سپی ناویان دەبەن؟ ئەندامانی یەکێتیی هەمووی لە بەردەستی مام جەلال و لە ڕێبازی ئەو پێگەیشتوون و خۆیان بە خوێندکارێکی ئەو ئەزانن. کێن ئەوانەی ناوی خۆیان ناوە کوودەتایی سپی؟ مەگەر دەروێشاکانی سوقرات و ڕژێمە کۆنەکانی ئەوروپابن کە ئێستاش شەرمەزاری دەبارێنن لەبەردەم مرۆڤایەتیە.

من هەر چەند بنووسم ناتوانم وەڵام تان بدەمەوە چونکە نووسینەکانی ئێوە نە ڕەخنەی سیاسین نە بابەت، تەنیا جنێو و دەروێشایەتی و دوبەرەکیە. من دەروێشێکی ئیسلام لە تەکیەیەکی کوردستان بە ڕۆشنبیرتر دادەنێم نەوەک دەروێشێکی سوقرات و ڕژێمە کۆنەکانی ئەوروپا. چونکە دەروێشەکانی کوردستان بەڕێزن و نەتەوەیین بەڵام ئێوەی بێگانە پەرست و ڕژێم پەرست و بێ ڕێز و ناخ پڕ لە قینی ترسنۆکن. بۆیە بەو هیوایەم خاوەنی کوردستاپۆست خۆی نەخاتە ڕیزی کەسانی سەر لێشێواو و کوردستانپۆست چیتر نەکا بە بنگەی گێرەشوێنەکان.

هەژار خۆشناو/ ئیتالیا

12/07/2006

hajarkhoshnaw@hotmail.com

تێبینی ئەم نووسیەنەم بۆ کورستان پۆست نارد، وەڵامیان دامەوە و پێیان گووتم کە نەکراوەتەوەو داوایان کرد بە نووسینەکەم دابچمەوە چونکە سەروتارەکە پۆلا نووسیویەتی. منیش گووتم من سەروتارم خوێندۆتەوە و وەڵامی سەروتار ئەدەمەوە، دووبارە بۆم ناردنەوە. بەڵام ڕازی نەبوون بڵاوی بکەنەوە بۆیە وتم بۆلایەکی تری دەنێرم.